www.kurdistannet.org
8-2-2007 17:23 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# سەرکردایەتی کورد بە پێشانگایەتی بەڕێزان "مام جەلال" و "کاک مەسعود" دەبێ بۆ بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ هەر چەشنە هەڕەشە و هێرشێک بۆ سەرباشووری کوردستان "مەرجەعییەتێکی نەتەوەیی" سازکەن ... دیمانە لە گەڵ بەڕێز عوسمان جەعفەری سکرتێری گشتی یەکێتی دیموکراتی کوردستان ... سازدانی دیمانە: هیوا وەهاب



کاك عوسمان وەك دەسپێکی پرسیارەکانمان پێمان خۆش بوو کە لە سەر کێشە و مەسایلی رۆژ و هەنووکەیی و تایبەت بە کوردستان بدوێن و یەکەمین پرسیار بەم شێوەیە پێشکەشی بەڕیزتان دەکەین.

پ: بەرێز کاك عوسمان جەعفەری رەوشی گشتی سیاسی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین و کێشەی کورد لەم ئاڵ و گۆڕیانە دا چۆن هەڵدەسەنگێنن و کورد دەبێ چۆن رووبەڕووی هەڵومەرجێکی بەم چەشنە ببێتەوە؟

(عوسمان جەعفەری) : لە وەڵامی ئەم پرسیارەتان دا زۆرشت دەبێ بکەونە بەرباسەوە، ئەم رژێمانەی کە ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوین دەسەڵاتدارن، بیگومان بەرهەمی پلانەکانی ئەو کاتی بریتانیا و فەرەنسا بوون کە لە ساڵی 1920 و پاشان شەڕی یەکەمی جیهانی پێکهاتن و بەم هۆیەش هەبوونی ئەم رژێمانە بە شێوازی ئێستایان لە بەرژەوەندی و مەسالحی ئەمریکادا نین ئێستا چ بەرژەوندی سیاسی و چ ئێکۆنۆمیکی و کۆمەڵایەتیش. هەر بەم مەبەستەش دەبێ بگۆڕدرێن. هەر بەم مەبەستەش حکومەتی ئەمریکا سەرقاڵی زۆر لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بووە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین کە هەر لە کاتی رووخانی سۆڤییەتی پێشوو دەستی پێکردبوو و لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیە دا زۆر دەسکەوت و خاڵی لاوازی دەستنیشان کردوە کە بتوانێت بۆ هۆی ئەم خاڵە لاوازانەوە شوێنێکی ئاوەڵا بدۆزێتەوە کە دەستێوەردانی لە ناوچەکەدا لەگەڵ بارودۆخ و هەل و مەرج دا بگونجێت. یەکەمین سوچی تاریك و خاڵی لاواز ئەفغانستان بوو کە بە دەستاوێزی رووداوەکەی 11 سپتەمبەری 2001 رێگای بۆ هاتنەناوی رۆژهەڵاتی ناوین بە شێوەی ئەکتیڤ ئاوەڵا کرد و بیگومان ئەگەر ئەم بیانوەش نەبووبا بیانوویەکی دیکە هۆکاری ئەم هێرشە دەبوو. بەم شێوەی یەکەمین ئەلقەی زنجیرە ئەمنییەتییەکی سازدا و پاشان ئەلقەکانی دیکە ئێران و ئێراق و سوریا بوون. لە گەڵ ئەوەش دا کە ئێران نزیك ئەفغانستانیش بوو بەڵام ئامانجی دووهەمی ئەمریکا نەبوو، ئەویش بە چەند هۆ، یەکەم ئێران وڵاتێکی گەورەی جوغرافیایی بوو و هێزی مەزنی سەبازی و ئاپۆرەی زۆری لە خۆ گرتبوو، پاشان گرنگتر لە هەموو ئێران بەشی هەرە ستراتژی ناوچەکە بوو و هەیە کە رێگای بە ئەمریکا نەدەدا کە دووهەمین ئامانج بێت لەبەر ئەوەی کە زۆر بەرەی دژە ئەمریکا لە ئێران و دەرەوەی ئێران و تەنانەت ناوخۆی ئەمریکاش هەبوون خود مەترسییەکی گەورە بوون کە هەڕەشەیان لە حکومەت و هاووڵاتیانی ئەمریکایی دەکرد، بەم هۆیەش ئەمریکا سیاسیەتی ئیزۆلاسیۆنی ئێرانی گرتە پێشەوە.

سوریاش ئەڵقەیەکی لاوازی ئەم زنجیریە بوو کە نێوان ئەلقەکانی دیکە دا جێ ی گرتبوو و ئەمریکاش زۆر بە ئاسانی و ئاساییش دەیتوانی کە دەستی تێوەربدات، بەڵام پەیوەندی توندوتۆڵی سوریا لە گەڵ وڵاتانی عەرەبی و هەمیش بەشداری ئەم وڵاتە لە شەڕی کەنداوی دووهەم لە گەڵ هێزە فرەنەتەوەکان بە مەبەستی ئازادی کوێت و هەروەها هەبوونی دەستاوێزی مەزن تر لە سەر سەدام هۆکارهایەکی دیکە بوون کە گوشار و دەستێوەردانی راستەوخۆی ئەمریکای دوا خستوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەڵام بە نیسبەت ئێراق و سەدام حسێن بارودۆخ زۆر جیاوازتر بوو، سەدام لە گەڵ زۆر وڵاتی عەرەبی کێشەی هەبوو، و وڵاتانێکی وەك عەرەبستان و کوێت لە گەڵ رووخانی سەدام و بەعس دا کێشەیەکیان نەبوو و پاڵپشتی ئەمریکاشیان دەکرد، لە لایەکی دیکەشەوە مەسەلەی چەکی کیمیای و کۆمەڵکوژی ئێراق زۆر زەق و بەرجستە بوو. پاشان گرنگتر لە هەمووی ئەمانە ئۆپۆزیسیۆنی حکومەتی بەعس وەکو کوردەکان و شێعەکان زۆر ئەکتیڤ بوون و پاشان بە رووخاندنی سەدام و داگیرکردنی ئێراق، پەیوەندییەکانی ئێران و سوریا تووشی کێشە دەبوو و دادەبڕا، ئەمانە هەمووی بوونە هۆی ئەوەی کە رووخان و هێرش بۆ سەر ئێران و سوریا دوابخرێت.

ئێراقش دوای ساڵی 1991 لە ئیزۆلاسیۆنێکی نێودەوڵەتی و عەرەبی دا بوو. بەم شێوەیە دوای 13 ساڵ بە شەرێکی بیست رۆژە لە ساڵی 2003 دا حکومەتی ئێراق بە تەواوەتی دارووخا. ئەوێستاکە زۆر کەس پێیان وایە کە هێزەکانی ئەمریکا و حکومەتی ئەمریکا لە ئێراق دا شکستیان هێناوە و دەبێت ئێراق بەجێبهێڵن، بەڵام ئەمە تێڕوانینێکی هەڵەیە، بێگومان ئەمریکا بۆ ئەوە نەهاتوە کە بگەڕێتەوە، لەوە گرنگتر هیچ هێزێکی گەورەتری نێونەتەوەیی نییە کە ئەمریکا مەجبور بە کشانەوە لە ئێراق بکات. و ئەو لایەنانەش کە لە خاکی ئێراق لە گەڵ ئەمریکا شەڕدەکەن بریتین لە:القاعیدە، بەعسییەکۆنەکان و هەندێ لە میلیشا ئیسلامییەکان، کە دەرەنجامێکی باشیان بۆ دەستەبەر نابێت و هیچیان پێ ناکرێت، لەبەر ئەوەی ستراتژییەتێکیان بۆ ئایندەی ئێراق پێ نییە و بێ بەرنامە و پلانن،بگرە لە زۆر لایەنیشەوە خزمەتێکی گەورە بەرژەوەندییە دێژخایەنەکانی ئەمریکا و هەندێ وڵاتی رۆژئاوایی دەکەن. کەوابوو ئەمرێکا دەرچوونی لە ئێراق بۆ نییە و رۆژ بە رۆژیش پەرە بە بوونی خۆی لە ناوچەکە و ئێراق دەدا و ئەوەتا کە دوو ناوگانی گەورەی فڕۆکەهەڵگری هێناوەتە کەنداو و زیاتر لە 20 هەزار سەبازی دیکەش لە داهاتوو دا رەوانەی ئێراق دەکات.

لە لایەکی ترەوە دۆست و هاوپەیمانی ستراتژی ئەمریکا لە ناوچە واتە ئیسراییل، بەهەمووی هێز و توانای خۆیەوە یارمەتی ئەمریکا و پراکتیزە کردنی پلانەکانی دەدا، ئەوەتا کە ئیسراییل بە شەڕی ناوخۆیی لە گەڵ حیزبوڵلای لوبنان، لەگەڵ حەماس و جیهاد ئیسلامی بە گەرمی سەرقاڵی شەڕە و بە سازدانی دووبەرەکێی و چاندنی فیتنە و شەڕ و ئاژاوەیە لە نێوان حەماس و فەتح و پاشان گوشاری بۆ سەر سوریا توانی هێزەکانی ئەو وڵاتە لە لوبنان وەدەر نێت، کە هەر یەك لەمانە لایەنێکی یارمەتییەکانی ئیسراییل بۆ ئەمریکا ئاشکرا دەکات. ئەمانە هەمووی لاواز کردن و لەناوبردنی نەیارانی ئەمریکا و ئیسراییلە و لەوانەشە کە لە داهاتوودا ئیسراییل راستەوخۆ بەشداری شەڕێکی مەزنتر لە ناوچەکەدا بکات بەڵام بەو مەرجە کە کێشەی فلستینییەکان بەو شێوەیە کە دەخوازن چارەسەر ببێت.

بەم شێوە لاواز کردنی حیزبوڵلا و حەماس و جیهاد کۆتایی ئەڵقەی زنجیرەکەیە و ئەفغانستان دەسپێك و ناوەندی زنجیرەکە ئێراقە، کە بەگشتی لەژێر چاودێری یان لە ژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی خۆیانن، کەوابوو لەم نێوەندەدا فەقەت ئێران وسوریا دەمێننەوە.

بە بیروڕای من مەسەلەی ئێران دەخەنە پێش سوریاوە، ئەویش لەبەر چەند هۆ:

یەکەم:ئەمریکا و هاوپەیمانان نایانەوێت کە ئەو فیکرە پەرەبستێنێت کە گوایە تەنێ دژی وڵاتانی عەرەبین، بەوهۆیەش هێرش ناکاتە سەر سوریا.

دووهەم: دژایەتی ئێران و کۆماری ئیسلامی لە گەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکا و پێشێل کردنی بڕیارنامەکانی نێونەتەوەیی کێشەی ئێرانی زۆر زەق ترو بەرچاوتر کردوە بە نیسبەتی سوریاوە.

هەر بەم هۆیەشەوە ئەمریکا لە هەوڵی دوورکردنەوەی سوریا لە ئێرانە و بە ئاوەژووە نزیك کردنەوە لە ئێراق و سیاسەتەکانی خۆی لە ناوچەکەدا، هەربەم بۆنەشەوە سوریا ئیزۆلە کراوە، کە ئەگەر لە گەڵ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەمریکا ڕێکبکەوێت ئەوا لە مەترسی دوور دەکەوێتەوە. جا بە شێوەی فەرمی و ڕاستەوخۆ ڕژێمی کۆماری ئیسلامییە کە دەکەوێتە بەر هێرش و کەوابوو ئامانجی دیکەی ئەمریکایە. و دەبینین کە ڕۆژ بە ڕۆژ گوشار بۆ سەر ئێران زۆر و زۆرتر دەبێت و ئەڵقەکانی دەوروپشتی ئێران تەنگ تر و تەسکتر دەبن و ئێران لە چوار لایەنەوە ئۆپراسیۆنی سەبازی لەسەرە، کێشەی مافی مرۆڤ، کێشەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، کێشەی کورد و بەلوچ و عەرەب و ئازەری، کێشەی چەکی ئەتۆمی و دەیان کێشەی تری وەك هاوکاری ڕاستەوخۆ لە گەڵ تیرۆریستان لە ئێراق و لوبنان و زۆرشوێنی دیکە، ئەمانە هەموویان کێشەگەلێکن کە کۆماری ئیسلامییان خستوەتە مەترسی رووخانەوە.

بە نیسبەتی ئێمەش وەکو گەلی کورد دەبێ بڵێم کە: وەك لە سەرەتاوە ئاماژەم پێدا ئێستاش وەکو کۆتاییەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیە، سەرلە نوێ خەریتەی تازە و سیستمی تازە لە ناوچەکەدا دادەڕێژرێت، ئەوکاتە ئەگەر زۆربەی نەتەوەکان هێزیان هەبوو، ڕێکخستن یان هەبوو، خاوەن ڕێ و نوێنەر بوون، خاوەن یەکێتی و یەکگرتووی بوون بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، و لەهەموو گرنگتر توانیان لە گەڵ بارودۆخ وهەلی ڕەخساو دا خۆیان بگونجێنن و لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەو کاتی جیهان ڕێکبکەون ئەوا خاوەن سنور و خەریتەی خۆیان دەبن.

بەڵام بە داخەوە پێشتر ئێمەی کورد لەم خاڵانە دا بەجێ مابووین و نەمانتوانی خۆمان بەهێز بکەین، نەمانتوانی ڕێبەر و نوێنەری هاوچەرخ مان هەبێت،نەمانتوانی یەکگرتوو بین و لە کۆتاییش دا لە فیکر و سیاسەتی ڕۆژ تێنەگەیشتین و دۆست و دوژمنی خۆمانمان جوێ نەکردەوە و بەم جۆرە 80ساڵ دواکەوتین.

بۆیە دەبێ ئەمجارە ئەم هەلە ڕەخساوە لە دەست نەدەین و بە وریایی و هەستیاریەکی باشەوە ڕووبەڕووی ئەم ڕەوشە تازەیە ببینەوە.

با هەمووی ڕێکخراوە کوردیەکان تەبا بین، خاون ستراتژییەکی هاوبەش بین، بە عەقلانیەتێکی سیاسی نزیکی کێشەکان ببینەوە و مەرجەعێکی نەتەوەیی دیموکراتیك سازکەین و هیچ هەل ودەرفەتێك بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەقامگیرکردنی دیموکراسی پووچەڵ نەکەینەوە. و بە تایبەتی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمە ڕەوشێکی تایبەتە و دەبێ زۆر هەستیارانە لە گەڵ ئەم ڕەوشە هەڵسوکەوت بکەین و بە خەباتێکی چڕوپڕ لە نێو خەڵك دا و بە خەباتێکی هاوبەشی ڕێکخراوەیی لە دەرەوەی وڵات دەبێ خۆمان حازر و تەیار کەین.

پ: کاك عوسمان ماوەیەکە ئەگەری هێرشی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کورستان بە بیانووی گەریلاکانی پ ك ك و پاشان تورکەمانەکانی کەرکوك لەسەر زاری دەسەڵاتدارانی تورکیاوە باس دەکرا، ئێوە چۆن دەڕوانئە ئەم هەڕەشە گوڕشانەوە لە لایەن حکومەتی تورکیاوە؟

بەڕێز عوسمان جەعفەری: بەڕای من بۆ تێگەیشتنی زانستیانە لەم هەڕەشانە پێویستە کە پێکهاتەی سیستمی دەوڵەتی تورك بە باشی بناسین.

دەوڵەتی تورکیا لە سەر کەلاوە رووخێنراوەکەی ئیمپراتوری عوسمانی بنیادنراوە. پێکهاتەی ئەم دەوڵەتە لەسەر میلیتارییەتەوەیە و لە کاتی هاتنی عوسمانیەکان بۆ ئاناتولی تا ڕۆژی ئەمڕۆ بەم شێوەیە. قەت لە مێژووی خۆی دا بۆ چارەسەریی کێشەکانی، ئێستا چ ناوخۆیی و چ دەرەکی، پەنای بە وتووێژ و ڕێگای سیاسی نەبردووە، هەمووکاتێك بە مێشك و هزرێکی میلیتارییانەوە ویستوویانە کە سەرکەوتن بەدەست بهێنن، لەبەرئەوەی ئەمە فەرهەنگی باب و باپیرانیانە کە لە سەحراکانی مەغولستان و ئاسیای ناوین بە میراتیان بردووە.

لە کاتی دامەزراندنی کۆماری تورکیا بە دەستی کەماڵ ئاتاتۆرکەوە تا ئێستا کە ساڵی 2007 ی زایینیە ئێمە شایەتی دەیان کێشەی ناوخۆیی و دەرەکی لە لایەن ئەو وڵاتەین، بۆ ڕۆژێك لە ڕۆژان نامانبینیوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یان نەمانبیستوە کە دەسەڵاتدارانی تورکیا لە ڕێگای دیالۆگ بە شێوەیەکی دیموکراتیانە نێزیکی کێشەکان ببنەوە و چارەسەری بکەن، بۆ وێنە کێشەی پتر لە 20 میلیۆن کورد کە یەك سەدەیە شەڕ و کاولکاری بە شوێنی خۆیدا دێنێت و کێشەی قیبرس و کێشەی ئەرمەنەکان و کێشەی ئێکۆنۆمیکی و کۆمەڵایەتی و سیاسی تەنانەت بۆ تورکەکان بۆ خۆیان.

بەکورتی تورکەکان ڕابردوو و ئێستاشیان هەر لەسەر ملهۆڕی بەڕێوە چووە، پێم وایە داهاتووشیان هەر لەسەر ئەم نەریتە بەڕێوە بچێت.

زەینییەتی تورك زەینییەتێکی داگیرکەرە، جا عیلمانی بن یان ئیسلامی. ئەو تورکیای ئێستا کە بە کۆماری تورکیا ناسراوە، پێکهاتەی نێوەشی تورك نین بەڵکو کورد و ئەمەن وعەرب و لاز و چەرکەسن، بەڵام دەسەڵاتی عەسکەری تورکەکان بەسەر هەمووتورکیا زاڵە و ڕێگا بە هیچ نەتەوەیەك نادات و دەبێت هەمووان مل کەجی تورکەکان بن.

ئەمە ڕاستی دەوڵەتی تورکیایە، کە دەبێ باش بزانین کە ئەم دەوڵەتە بەم پێکهاتەیە جێگای مەترسییەو وبە وریایی و هۆشیاری خۆمان ئاگامان لە هەر جۆرە هەڵسوکەوتێکی هەبێت، هەر وەك چۆن یەکێتی ئەورووپا بەوردی و وریاییەوە چاودێریەتی و بۆ نیو سەدە دەڕوات کە گوشاری خستووەتە سەری و بە ئەندامێتی خۆی وەری ناگرێت کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ناسینی سیستمی دەسەڵاتداری تورکیا لە لایەن ئەوروپایەکانەوە.

بەڵام ڕاستیەکانی ئەمڕۆی جیهان و ناوچەکە نشاندەری شتانێکی ترن: یەکەم ئەوە کە ئیمپراتوریەتی عوسمانیەکان دارووخاوە و لەسەر کەلاوە رووخاوەکە چی دی خۆهەڵکێشان و خۆ بە زل زانین شتێکی بێ واتایە.

دووهەم ئەوە کە چیدی دونیای ئەمڕۆ داگیرکەری قەبووڵ ناکات، ئەویش لە لایەن دەوڵەتێکی وەك تورکیاوە کە کارنامەی ڕابردووی بۆ هەمووان روون و ئاشکرایە.

سێهەم ئەوە کە کوردیش ئەو نەتەوەی داماو و بێ دەسەڵات و کوردستانیش ئەو وڵاتی داگیرکراوی پێشووە نیە، ئەمڕۆ ئەگەر هێشتا سنوری دەستکرد لە نێوانان دا هەیە بەڵام یەکێتییەکی زۆر مەزن لە نێوانیان دا چێنراوە و هەمووان ئامادەن بۆ خۆ بەخت کردن لە پێناوی ئەم دەسکەوتە پیرۆزە لە باشووری کوردستان.

چوارەم ئەوە کە، پێشتر دوژمنانی کورد وەك دەوڵەت هەژماریان چوار دەوڵەت بوو، بەڵام ئەمڕۆ دەسەڵاتی بەعس و سەدام نەماوە و کۆماری ئیسلامی و سوریاش بە دەردی خۆیان گرفتارن و تورکیا لەم نێوەدا تەنیایە.

پێنجەمیش ئەوەیە کە کورد لە باشووری کوردستان، ئەمڕۆ خاوەن هێز و دەسەڵاتە و سەرکردایەتی کوردیش زۆر هەستیارن بە ڕەوش و دۆزی هەنووکە کە لە بەردەم کورد دایە.

بەڵام لە گەڵ ئەمانەش وەك لەسەروە ئاماژەم پێدا،تورك ملهوڕە ولە سەر داب ونەریتی باب و باپیرانییەتی و لەوانەشە بۆ کورت ماوەش بێت بە دەستاوێزی تورکەمانەکانی کەرکوك و گەریلاکانی پ ك ك کۆمەڵێك ئاستەنگی و زۆری و زەحمەتی بو باشووری کوردستان ساز کات، لەبەر ئەوەش پێویستی بە هۆشیارییەکی زۆر هەیە.

پ:وەك دواین پرسیار کە پەیوەستە بە پرسیاری دووهەمە، بەڕای ئێوە هەڵوێستی کورد دەبێ چۆن بێت و کورد دەتوانێ چی بکات بۆ بەرەنگار بوونەوەی لە گەڵ هەڕەشە و گوڕشەکانی دەوڵەتی تورکیا؟

بەڕێز عوسمان جەعفەری: هەروەك لە وەڵامی پرسیاری یەکەم دا ئیشارەتم پێدا کورد ئەمڕۆ گەیشتوەتە ڕۆحێکی نەتەوەیی و زۆر بە وریایی و هۆشیارییەوە سەرنجی ڕووداوەکان دەدات، لە یەك لە پارچەکانی تر، چە لەئاستی خەڵکەوە و چ لە ئاستی بزووتنەوە سیاسیەکانی کوردستان نێگەرانیەکی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

جیدی لەسەر ئەم هەڕەشانەی دوایی حكومەتی توركیا هەیە، بەڵام ئەوە زۆر گرنگە كە بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەم هەڕەشانە لە لایەن توركیاوە و هەمیش لە بەرامبەر هەر نەیار و دوژمنێكی گەلی كورد ئێمە دەبێ مەرجەعییەتێكی گشتی كورد لە هەر چوارپارچەی كوردستان پێك بێنین، هەروەك چۆن بزووتنەوەی ئیسلامیەكانی جیهان مەرجەعییەتێكیان هەیە، شیعەكان لە هەر كوێ بن مەرجەعییەتێكیان هەیە، وڵاتە عەرەبیەكان هەروەها كۆمەڵی وڵاتانی عەرەبیان هەیە و توركەكانیش بە هەمان شێوە، ئێمەش وەك كورد دەبێ مەرجەعییەتێكی وەهامان بێت، سەركردایەتی كورد دەبێ بە پێشانگی بەڕێزان مام جەلال و كاك مەسعود هەرچی زووتر بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ هەر چەشنە هەڕەشە و هێرشێك بۆ سەر باشووری كوردستان (وەك راپۆرتەكەی بێكەر – هاملتۆن و ئەگەری هێرشی توركیا) مەرجەعییەتێكی نەتەوەیی ساز كەن و بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی مەزن بوونی هێزی سیاسی و چەكداری گەلی كورد و بەم پێیەش پاراستنی حكومەتی باشووری كوردستان گەرەنتی دەكات.

هیوا: كاك عوسمان لە كۆتایی دا قسەیەكی جیاوازتان نیە؟

بەڕێز عوسمان جەعفەری: سپاسی بەڕێزتان دەكەم و هیوادارم كە هەموو لایەنێكی كوردی سەركەوتوو بێت و چاوەڕوانی داهاتوویەكی گەشتر بۆ كوردستان دەكەم.

hiwawehab@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.